

### دەقی وتاری (دەشتی جەمال) جیگری بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی بەریتانیا

# دەولەتی بەریتانیا  دەبی بەفەوری سیاسەتی دیپۆرت کردنەوە و گرتنی پەنابەران هەڵوەشینیتەوە

بەناوی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەوە سوپاسی سازدەرانی ئەم کۆبوونەوە گرنگە دەکەین ،وەهەروەها زۆر سوپاسی هەموو ئەولایەنەنانەدەکەم کەلەلەپال کەمپینی فیدراسیوانی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی، بەدژی گیرانەوەی پەنابەران راوەستان و پشتیوانیان لەخواستەکانی ئیمە و پەنابەران کرد..

بەریزان..

هەروەك دیارە کۆبوونەوەی ئەمرۆمان لەبارەی گرفتی پەنابەران ومەسەلەی تیرۆرەوەیە... من چ وەك کەسیکی کوردی عیراقی وچ وەك هەڵسوراویکی مەیدانی پەنابەران و کار لە فیدراسیونی پەنابەرانەوە کەلەنزیکەوە ئاگاداری رۆژانەی ئەوزاعی عیراق و کوردستان هەم وەسالانیکی زۆری تەمەنیشم، لەنیو ئەو هۆکارانەدا بردۆتەسەر کە دیاردەی پەنابەران و کۆچی پەنابەریتی یان دروست کردووە، هەروەها من هاوولاتی جوگرافیایەکم کە عیراقی پی ٌدەڵێن ولەدنیای ئەمروادا بۆتە ناوەندیکی بی ٌوینەی شەری تیرۆریستان ورۆژانە چەندین ئینسان لەژن و منال و خەلکی مەدەنی دەبنە قوربانی و هەواڵە کارەسات بارەکانی لەنیو دەزگاکانی راگەیاندندا بلاودەبنەوە.. بۆیە ئەتوانم بڵیم ئیمە لەهەموو کەس زیاتر دەرکی گرفتی پەنابەریتی و مەترسی‌یەکاتی تیرۆریزم بۆسەر خەلکی مەدەنی چ لەعیراق و چ لە بەریتانیا دەکەین. لەهەمووانیش زیاتر ئاکامە زیانبارەکانی لەعیراق و لەبەریتانیا رووبەرووومان دەبیتەوە. بەلام دەولەتی بەریتانیا چۆن مامەلە لەگەلٚ گرفتی پەنابەران دەکا، ئایا یاسای دژی تیرۆری حکومەتی بەریز تۆنی بلیر خزمەت بەکی دەکا؟

لەوەلامی ئەم پرسیارانەدا ...ئەگەر وەبیرتان بهینمەوە لەماوەی رابردوودا ئەوە دەولەتی بەریتانیا بوو حەملەیەکی گەورەی لەدژی پەنابەرانی کوردی عیراقی  بەری خست و کەوتە پەلامار و گرتن و راونان و پرکردنی دیتینشنەکان(گرتووخانە دەست بەسەرەکان) لەپەنابەران، وەهاوکات لیسەندنەوەی خانووبەرەو برینی سوسیال و مافی کارکرن ..و دەیان هەڵسوکەوتی تر کە بەتەواوی پیچەوانەی مافەکانی ئینسان و مافی پەنابەرییە، کەیاسا نیودەولەتی‌یەکان سەلماندوویانە. تەواوی ئەم حەملەیەش یەکەم جار بەناوی بەرگرتن لە تیرۆر و بەدواداچوونی رووداوی تەقینەوە  نائینسانی‌یەکەی 7/7 لەندەن  بەری خراو دواتریش ناوی "گیرانەوەی ئارەزوومەندانە!"ی لینرا. ئەگەرچی ئیستا  گیرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ ماوەیەکی نادیار راگیراوە ،بەلام هیشتا ئەم حەملەیەو ئەم سیاسەتەی دەولەت لەدژی پەنابەران دریژەی هەیە، هیشتا برینی خزمەتگوزاریەکان و خانووبەرە، رەفزی راستەوخۆ وکارکردن بەسەکشن فۆر وبەزۆر ئیمزاپیٚ کردنی پەنابەرانی عیراقی بۆدیپۆرت بوونەوە دریژەی هەیە و رۆژانە بە دەیان پەنابەری کوردی عیراقی نامەیان بۆ دەچیٚت و داوایان لیٚ دەکریت کە ئەو نامانە ئیمزا بکەن و رازی بن بەگیرانەوەی ئارەزوو مەندانەو لەحالەتی ئیمزا نەکردن ئەوا خانووبەرەو خزمەتگوزاریەکانیان لی دەسەندریتەوە. ئەمەیە چارەسەری ئینسانی دەولەت بۆکیشەی پەنابەران، ئەمەیە ئەو سیاسەتەی بریارە بەر بەتیرۆریزم بگری!

لەراستیدا دەولەت بەم کارەی دەیەوی تۆڵەی کارەساتە تیرۆریستی‌یەکەی لەندەن لە پەنابەران و لە خەڵکێك بکاتەوە کە خۆیان لەعیراقدا قوربانی شەری تیرۆریستانن ولەبەر نەبوونی ژیان و هیچ ئاستیك لەئارامی و ئاسایش ناچاربوون بە بەجی‌هیشتنی ولاتی خۆیان. پەنابەرانی عیراقی بەتەواوی بەرهەمی کەیسیکی سیاسی‌یە کەدەولەتی بەریتانیا لایەنیکی بەرپرسیارە تییدا.. جەنگ وتیرۆر و داگیرکاری و هەڵوەشانەوەی شیرازەکانی مەدەنیەت، تەقسیم کردنی خەلکی عیراق بەسەر هەویەتی قەومی ورەگەزی وتیرەو تایەفەو شعبەی ئاینی‌دا، بەجۆریك کەئەگەر خۆت بەئینسان بزانی ونەبیتە سەر بە هیچ یەك لەم هەویەتە دروستکراوانە، ئەوا نەك هەر ریگەی

دەنگ دانت پینادری بەلکو جیگەی ژیان کردنت بۆناهیڵنەوە. هاوکات سپاردنی ژیان و ماف و ئایندەی کۆمەڵگا وهەرئینسانیك بەدەسەلاتی چەندین دەستەو تاقمی ئیسلامی و قەومی وعەشیرەتی و میلیشیایی چەکداریان، کە ئامادەنین نەك هەر سەرەتاییترین ماف و ئازادی وحورمەتی ئینسانی بسەلمینن، بەلکو خۆیان بونەتە فاکتۆری شەری ناوخۆو نائارام کردنی ژیانی کۆمەڵگا... ئەمەیە ئەو بارودۆخەی بەشیك لەخەلکی عیراقی ناچارکردوە بەهەڵبژاردنی پەنابەریتی.. وەتا بارودۆخەکانیش هەروا بمینیٚ ، یانی تا دەولەتی بەریتانیا وئەمریکا سیاسەتی شەر وداگیرکاری ببەنەپێشەوە و خەلکی عیراق لەسەر ئەساسی قەومی و تایفەو دینی دابەش بکەن و لەپشتی دەستوور و دەستەوتاقمی ئیسلامی و قەومی وهیزی چەکدار ودەسەلاتی ناوچەیییان رابووەستن، ژیان بۆخەلك نامینیتەوە و دیاردەی پەنابەریتی تابیت لەنیو خەلکی عیراق و کوردستاندا رووڵەزیادبوون دەکات.

بەلام ئەمە تەنها گۆشەیەك لەهەقیقەتەکانی سیاسەتی چەوتی دەولەتی بەریتانیا لەبەرامبەر خەلکی عیراق، ئاشکرا دەکات، لایەکی تری سیاسەتەکانی دەولەت لەبەرامبەر پەنابەرانی عیراقی لەخودی ولاتی بەریتانیادا، بەدلنیاییەوە نەك ناتوانی بەر بەتیرۆریزم بگری بەلکو خزمەت بە خودی تیرۆریزم دەکات.

وەرن بیهیننە پیش چاوی خۆتان و باخۆمان بخەینە جیگای پەنابەریکی عیراقی کاتیك دەولەت ئەوجەهەنەمەی کە لەعیراقدا پیکی هیناوە، بەناوچەیەکی ئارام و دیموکراتی لەقەلەم بدات وبەم بەهانەیەشەوە وەلامی رەفز بەداوای پەنابەریتیت بداتەوە، ئەویش دوای3 بۆ4 سال راوەستان بەدیار کەیسەوە. دواتریش بکەویتەبەر پەلاماری شەوانەرۆژ و لەگرتووخانەدا دەست بەسەر بکرییت. ئەگەر شانست هەبوو دەستی پۆلیس نەگەیشتە سەرت، ئەوا لیسەندنەوەی خانوو سوسیال و خویندن و هەربەنەفیتیکیتر ژیانت دەخاتە سەرشەقام ووەك کەسیکی قاچاغ لەکۆمەلگادا ژیانت پیدەدری.. ئەمە ئیتر بن بەست کردنی ژیان و داخستنی هەموو دەرگاکانە لێت.. لەحالیکی ئاوادا ئینسانی پەنابەر چ چارەیەکی بۆدەمینیتەوە؟ ئایا ئەمە زەمینەکانی دەمارگیری وتۆلەسەندنەوە لەنیو پەنابەراندا پەرەپینادا؟ ئایا ئەمە باشترین زەمینەو زەخیرە نادات دەست تیرۆریستان کەپەنابەران لەم وەزعەدا رابکیشن بەلای کاری تیرۆریستیدا؟! ئاخر بیهینە بەرچاوی خۆت لەعیراق ئەوە کەس و کارو هاولاتیانی هەرئەو پەنابەرەعیراقییانەیە کە بەدەست داگیرکاری هیزەکانی بەریتانیاوە هیچ ژیانیکیان بۆنەمابیتەوە و لیرەش ئەوە هەر پەنابەری عیراقییە ژیانی فری دەدریتە سەرجادەو نیو گرتووخانەکان و وەك ئینسانی ناقانونی تەعامولی لەگەل بکری، لەراستیدا چی بۆدەمینتەوە لەم ژیانەدا جگەلەوەی تۆلەبکاتەوە وخۆی بکاتە بۆمبی خۆکوژی تیرۆریستان؟!! لەراستیدا ژیانی پەنابەریتی هەمووساتیك ئەوە دەسەلمینیٚ کە ئیزۆلەکردنی ئینسانی پەنابەر و دابرانی لە مەدەنیتی کۆمەلگا و کردنی بە هاولاتیانی پلەدوو ونایاسایی، هەمیشە دەمارگیری قەومی وئاینی تییدا پەرەدەسینی و ریگەلەبەردەم تیکەلاوبونیان دەگری وئەمەش لەئەنجامدا بەرەو ماتریال و بابەتەکانی تیرۆریزم وخۆکوژی دەیبات..بەلام چارەچییە؟

ئیمە چارەسەری کیشەی پەنابەری و راوەستانەوە بەدژی تیرۆر بەکارکردن لە دوومەیداندا دەبینینەوە:

یەکەم: دەبی سیاسەتی دەولەتی بەریتانیا لەبەرامبەر عیراقدا بەتەواوی پیچەوانە بکریتەوە.لەم بارەشەوە دەبیٚ :

- کۆتایی بەداگیرکاری عیراق بهینری و دەولەتی بەریتانیا کۆمەك بەخەلکی عیراق بکات بۆ دامەزراندنی دەولەتیکی سکولار و مەدەنی کەمافی هاولاتیانی یەکسان بەبیٚ جیاوازی بۆهەمووان بەرەسمی بناسری ونوینەرانی خەلك تیا خاوەن دەسەلات بن.. لەم چوارچیوەیەش دا دانانی دەستوور وریکخستنی ژیانی قانونی کۆمەلگا وماف وئازادییە شەخسی و کۆمەلایەتییەکانی فەرد لەعیراقدا بەپیی مافی ئینسانی جیهانی جیگیربکات.
- دەبی کۆمەك بکریٚ بەخەلکی کوردستان جیاببنەوە و دەولەتیکی سکولاری ناقەومی ونادینی دابمەزرینن و لەدەسەلاتی ئەحزابی میلیشا دەربکیشرین و لەستەمی نەتەوایەتی رزگاریان بێت..

- دەبی بەپەلە هەنگاوهەڵ بگیری بۆ سازدانەوەی بناغەکانی ئابووری و خەدەماتی کۆمەلایەتی تاسەرەتاکانی ژیان بخریتە بەردەستی دانیشتوان و گرفتی نەبوونی وبیکاری و خەدەماتەکان چارەسەربکری..

دووەمیش: لەبریتانیا دەبی بەفەوری سیاسەتی دیپۆرت کردنەوە و گرتنی پەنابەران رابگیری و هەموو ئەو یاسایانە هەڵوەشیتەوە کەبەناوی "یاسای دژی تیرۆر"ەوە ماف و ئازادی‌یەکانی ئینسانی پەنابەر سنورداردەکاتەوە.

– تائەوکاتەی ئەوزاعی عیراق لەژیرسایەی داگیرکاری و نائارامی‌دایە، دەبیَ هەموو کەیسی عیراقی بەکەیسی سیاسی بزانری و بەپی‌ی قانوونی جنیفی 951 مافی پەنابەریتیان بەرەسمی بۆبناسری و بەم پی‌یەش هەرکەیسێك هەلسەنگیندریَ..

– دەبی تەواوی خەدەمات و بەنەفیتەکان لەبەردەم پەنابەراندا دابین بکریَ و لەژیر هیچ بەهانەیەکدا ریگا نەدری بە برینی ئەم خزمەت گوزاریانە..

– دەبی دەولەت پرۆژەی تایبەت لەراستای ئینتیگراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی دا بەدەستەوە بگری و بەهاوکاری ریکخراوەکانی پەنابەران و مافەکانی ئینسان لەبەریتانیا بەرنامەیەك بەریتەپیشەوە کە پەنابەرانی عیراقی لە بۆچوونی نەتەوەیی وئاینی وفەرهەنگی خۆولاتی دەردینی و بە مەدەنیەت و هەویەتی ئینسانی‌یەوە گریَ دەداتەوە..

بەبروای ئیمە کارکردن بەهەر دەرەجەیەك لەسەر ئەم خالانە کۆمەك دەکات بەوەی کەبە هەمان ئاست هەم خەلکی لەعیراق و کوردستان جیگیربننەوە و ژیانی رۆتینیان بۆبگەریتەوەو ریگای بوونە پەنابەر هەڵنەبژیرن و هەم لە بریتانیاش نەکەونە نیو داوی تیرۆریستانەوە..

سوپاستان دەکەم..